# ناڕەزایەتییەکانی ئێران و پێویستیی دەربازبوون لە زنجیرەی سەد ساڵەی دیکتاتۆری

داود عوسمانزادە

## پێشەکی

شەپۆلی نارەزایەتییەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠٢٥ لە ئێران، لە ساتەوەختێکی مێژوویی تایبەتدا سەری هەڵدا. ئەم شەپۆلە نوێیە لەگەڵ تێپەڕبوونی سەد ساڵ بەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرنی ئێران لە ساڵی ١٩٢٥ لەسەر دەستی ڕەزا خان پەهلەوی هاوکات بوو. لە ماوەی ئەم سەدەیەدا، جوگرافیای سیاسیی ئێران بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی دوو ڕژێمەوە بەڕێوە براوە: پاشایەتییەکی ڕەها (جگە لە ماوەیەکی کورت و سنووردار کرانەوەی سیاسی لە سەرەتای سەردەمی محەمەد ڕەزا شا) و دوای ساڵی ١٩٧٩ش، کۆماری ئیسلامی کە لەسەر بنەمای دۆکتۆرینی «ویلایەتی ڕەهای فەقیه» دارێژراوە. سەرەڕای جیاوازییە ئایدیۆلۆژی و دامەزراوەییەکانیان، هەردوو سیستەمەکە بە ناوەندگەراییەکی چەقبەستوو، توانای سەرکوتکاریی دەوڵەت و مەیلی بەردەوام بۆ مامەڵە لەگەڵ نارەزایەتییەکان وەک هەڕەشەیەکی ئەمنی ناسراونەتەوە. ئەنجامەکە تەنیا زنجیرەیەک لە دوو دیکتاتۆری جیاواز نییە، بەڵکو نەریتێکی مێژوویی درێژخایەنە کە تێیدا دەسەڵاتی سیاسی چەندین جار لە ڕێگەی پەراوێزخستن، سەرکوت و قۆرخکردنی نوێنەرایەتییەوە، خۆی جێگیر کردووەتەوە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە: چۆن دەکرێ ئەم زنجیرە سەد ساڵەیەی دیکتاتۆری بپچڕێندرێت؟ ئایا تەنیا گۆڕینی ئەربابەکان بۆ ئەم مەبەستە تەواوە؟

لە ساڵانی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕووی کۆمەڵێک قەیرانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی چڕ بووەتەوە. لە دوای «بزووتنەوەی سەوز»ی ساڵی ٢٠٠٩وە، ئێران زنجیرەیەکی یەک لە دوای یەکی ململانێی دژە ڕژێمی بەخۆوە بینیوە. ئەم زنجیرانە ڕەوتێکی ڕاست و هێڵی نەبوون، بەڵکوو بە شێوەیەکی کەڵەکەبوو درزی قووڵیان لە شەرعییەتی دەوڵەت و توانای بەڕێوەبردنی وڵات لە ڕێگەی ڕەزامەندیی گشتییەوە نیشان داوە. نارەزایەتییەکانی ٢٠٢٥-٢٠٢٦ نوێترین و یەکێک لە ڕادیکاڵترین دەرکەوتەکانی ئەم ڕەوتە مێژووییە درێژخایەنەی نارەزایەتین. لێرەدا سێ پرسیاری سەرەکی دێنە گۆڕێ: یەکەم، ئەم خولەی نارەزایەتییەکان چۆن دەستی پێکرد و پەرەی سەند؟ دووەم، تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی چین، بەتایبەتی فرەچەشنیی ناوخۆیی لە نێوان ناوچە و گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا کامانەن؟ سێیەم، ئەکتەرە سیاسییە دەرەکییەکان، بەتایبەتی هێزە پاشایەتیخوازەکان و میدیاکانی لایەنگری ڕەزا پەهلەوی، چۆن هەوڵیان داوە مانا و ئاراستەی نارەزایەتییەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان لێک بدەنەوە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستی بە دوورکەوتنەوە لە «ئێستاگەرایی (Present-ism)» هەیە: لەبری مامەڵەکردن لەگەڵ نارەزایەتییەکانی ئێستا وەک ڕووداوێکی دابڕاو، ئەم شیکارییە دوایین زنجیرەکانی نارەزایەتییەکان لەناو پرۆسەیەکی مێژوویەکی درێژتری دەوڵەتسازی، حوکمڕانیی ئۆتۆریتار و ململانێ لەسەر نوێنەرایەتیی سیاسی لە ئێراندا لێک دەداتەوە.

## دەستپێک و فراوانبوونی نارەزایەتییەکان

لە ٢٨ی دیسامبری ٢٠٢٥، بازاڕییەکانی تاران وەک کاردانەوە بەرانبەر بە هەڵاوسانی ئابووریی خێرا، ناسەقامگیریی نرخی دراو و بەرزبوونەوەی تێچووی ژیانی ڕۆژانە، دەستیان بە مانگرتن و نارەزایەتی کرد. ئەم هەنگاوانە بە خێرایی لە تارانەوە بۆ شار و ناوچەکانی دیکە تەشەنەیان کرد. لە ماوەیەکی کورتدا، نارەزایەتییەکان لە ڕووی دروشم و ئامانجەوە گۆڕانکارییان بەسەردا هات: ئەوەی وەک جووڵانەوەیەک بەهۆی کێشە ئابوورییەکانەوە دەستی پێکرد، خێرا گۆڕا بۆ ململانێیەکی سیاسیی ڕاشکاو دژ بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی.

هەرچەندە تەنگەژەی ئابووری هۆکاری

سەرەکیی تەقینەوەکە بوو، بەڵام لە ڕووی شیکارییەوە ناکرێ تەنیا فاکتەری ئابووری وەک تاقە هۆکار دابنرێت. دوای نزیکەی دوو دەیە کە تێیدا سیاسەتی ڕیفۆرمخوازی بەردەوام بەڵێنی گۆڕانکاری و چاکسازیی لە ناو ڕژیمدا دەدا، بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی ئێران گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە ڕیفۆرمی ڕاستەقینە لە ڕووی پێکهاتەییەوە داخراوە. ئەم بێهیواییە پێشتر لە نارەزایەتییەکانی ٢٠١٧-٢٠١٨دا بەڕوونی دەرکەوتبوو، کاتێک دروشمی «ئوسوولگەرا، ئیسلاحتەڵەب، ئیتر تەواوە [اصلاح طلب، اصولگرا! دیگه تمومه ماجرا]» ئاماژە بوو بۆ ڕەتکردنەوەی گشتگیریی ئەو پلۆرالیزمە کۆنترۆڵکراوەی ڕژیم. لەم چوارچێوەیەدا، کێشە ئابوورییەکان بوونە ئامرازێک کە لە ڕێگەیەوە نارەزایەتییە سیاسییە فراوانترەکان دەردەبڕدران.

لە دوایین خولی سەرهەڵدانەکەدا، چەندین پرۆسەی پێکهاتەیی یەکیان گرت بۆ دروستکردنی بەستێنی ئەم سەرهەڵدانە جەماوەرییە. لەوانە: گۆشەگیریی نێودەوڵەتی بەهۆی بەرنامە ئەتۆمی و موشەکییەکانی ئێران، سزای بەرفراوان، و ئەو گوشارە داراییانەی بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوامی دەرەکی دروست ببوون. هەروەها دەستێوەردانی هەرێمی، گەندەڵیی سیستماتیک و فراوانبوونی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی. لە ناوخۆشدا، سەرکوتی سیاسی هاوتەریب لەگەڵ هەوڵەکانی ڕێبەری ڕژیم و هاوپەیمانەکانی بۆ «پاکتاوکردنی» مەیدانی سیاسی لە ڕێگەی پەراوێزخستنی فراکسیۆنە ڕکابەرەکان چڕتر بووەتەوە. شکستە سەربازییەکان، گەڕانەوەی دینامیکی «زۆرترین گوشار»ی ئەمریکا و دارمانی توانای دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی ئابووریدا، ئەم گوشارانەیان هێندەی دیکە قورس کردووە. لە بارودۆخێکی وەهادا، ڕاپەڕین تەنیا لەبەر ئەوە نییە کە بارودۆخی خەڵک لە ڕووی ئابوورییەوە خراپتر بووە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە توانای ڕژیم بۆ گۆڕینی سەرکوتکاری بۆ حوکمڕانی لاواز بووە: واتە ڕژیم دەتوانێت سەرکوت بکات، بەڵام ناتوانێت سەقامگیری دروست بکات.

کاتێک ڕاپەڕینەکە فراوانتر بوووە، کۆماری ئیسلامی بە شێوازی هەمیشەیی خۆی وەڵامی دایەوە: سەرکوتکاری پەرەی سەند. هێزە ئەمنییەکان بە پشتبەستن بە ئەزموونە مێژووییەکانیان لە کپکردنی نارەزایەتییە مەدەنییەکان، هێرشەکانیان لە چەندین شوێن چڕتر کردەوە. سەرکوتکردن لە کرماشان، ئیلام و لورستان گەیشتە لووتکەی خوێناویی خۆی و ژمارەیەکی یەکجار زۆری خۆپیشاندەر کوژران و بریندار بوون و تەنانەت هێزە چەکدارەکان هێرشیان کردە سەر نەخۆشخانەکانیش. ئەم توندوتیژی و سەرکوتە ژینگەی نارەزایەتییەکانی ڕادیکاڵتر کرد.

دە ڕۆژ دوای سەرهەڵدانی یەکەمی نارەزایەتییەکان، لە ٦ی ژانویەی ٢٠٢٦، «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان» (کە لە حەوت حیزبی سیاسیی پێکهاتووە) بانگەوازێکی بۆ مانگرتن و نارەزایەتیی هەماهەنگ بۆ ڕۆژی پێنجشەممە، ٨ی ژانویە بڵاو کردەوە؛ هەم وەک پشتگیرییەک لە ڕاپەڕینی سەرتاسەری و هەم وەک کاردانەوە بەرانبەر کوشتنی خۆپیشاندەران لە کرماشان، ئیلام و لورستان. ئەم بانگەوازییە لە لایەن شەبەنگێکی بەرفراوان لە ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانەوە پشتگیری کرا، لەوانە: «کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ»، «حیزبی چەپی ئێران»، «بەرەی یەکگرتووی بەلووچستان»، ڕێکخراوە کولتووری و سیاسییەکانی تورکمان سەحرا، کۆمەڵە مەدەنییەکانی تورکمان، بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکمان، تورکمانە

دیموکراتەکانی ئێران، شەش ڕێکخراوی مافی ژنان و چەندین کەسایەتیی سیاسی. ئەنجامەکە جووڵانەوەیەکی هەرەوەزیی گەورە بوو: لە زیاتر لە پەنجا شار و شارۆچکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە زۆریەک لە شارەکانی ئێران، خەڵک مانیان گرت و دووکان و بازاڕەکانیان داخست.

چەند کاتژمێرێک دوای ئەوەی بانگەوازییەکەی ناوەندی دیالۆگ بڵاو بووەوە و دەنگی دایەوە، ڕەزا پەهلەوی پەیامێکی بڵاو کردەوە و داوای لە خەڵک کرد کە ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی لە ماڵەکانیان و لە شەقامەکاندا دروشم بدەن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونەکانی پێشوو کە تێیدا کۆمەڵگەی کوردی زۆربەی کات وەڵامی بانگەوازییەکانی حیزبەکان بۆ مانگرتن دەداتەوە، کاتی بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی ڕەزا پەهلەوی لە ڕووی سیاسییەوە جێگەی تێڕامانە. ڕەزا پەهلەوی کە دەیزانی جارێکی دیکە کۆمەڵگای کوردستان بەپیل بانگەواز و داخوازیی حیزبەکانی خۆیەوە دەچێت، هەلەکەی قۆزتەوە و هەوڵی دا تا لەڕێگەی بانگەوازێکی هاوتەریب و هاوکات دەست بەسەر مانگرتنی کوردستاندا بگرێت و وەک خۆیان دەڵێن موسادیرەی بکات؛ بەتایبەتیش کە لەم دوواییانەدا ژمارەیەک دەزگای ڕاگەیاندن تەواو پڕوپاگەندەیان بۆ پەهلەوی و پەهلەویچییەکان دەکرد. لەڕاستیدا ئەم حەوڵەی ڕەزا پەهلەوی بۆ ئەوە بوو میدیاکانی لایەنگری بتوانن چالاکییە بەکۆمەڵەکانی کوردستان وەک بەشێک لە گێڕانەوەی «پەهلەوی-سەنتەر» نیشان بدەن.

نارەزایەتییەکان لە دوای ئەم زنجیرەی سەرەتاشەوە بەردەوام بوون. ئەکتەرە دەرەکییەکان، لەوانە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەندێک دەوڵەتی ئەورووپی، پشتگیریی خۆیان بۆ خۆپێشاندەران دەربڕی و هەندێک کەناڵی وەک بەشی فارسیی دەنگی ئەمەریکا بەرنامەکانیان بۆ پشتگیری لە خۆپیشاندەران فراوانتر کرد. لە هەمان کاتدا، کۆماری ئیسلامی سەرکوتەکانی چڕتر کردەوە، تۆڕەکانی ئینتێرنێتی بەتەواوی پچڕاند و ئەوەیش بووە هۆی پەکخستنی زانیارییەکان و ڕێگری لە گواستنەوەی وردی ژمارەی کوژراو، بریندار و دەستبەسەرکراوەکان کرد. لەم ژینگەیەدا، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ هەوڵیان دا توندوتیژییەکان بە دۆکیۆمێنت بکەن. بەپێی هەندێک زانیاریی پشتڕاستنەکراوە تا ئێستا دەیان هەزار کەس لە خۆپێشاندەران بەدەستی هێزەکانی ڕژێم کوژراو، بریندار بوون و دەستبەسەر کراون.

هاوتەریب لەگەڵ ئەم سەرکوتە، کۆماری ئیسلامی ستراتیژییەکی گوتاریی چڕ کردووەتەوە کە مێژوویەکی درێژی لە شێوازی حوکمڕانییەکەیدا هەیە: پۆلێنکردنی سیستماتیکی نارەزایەتی وەک هەڕەشەیەکی ئەمنی. ئەوەی سەرەتا وەک گێڕانەوەیەکی ناسراو بۆ وێناکردنی خۆپیشاندانەکان وەک «ئاژاوە» و خۆپیشاندەران وەک «ئاژاوەگێڕی دەستی دەرەکی» باسیان لێدەکرا، دواتر گۆڕا بۆ ئاستێکی مەترسیدارتر. عەلی لاریجانی، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی، و بەرپرسە باڵاکانی دیکەی ڕژێم نارەزایەتییە بەردەوامەکانیان وەک «شەڕی ناوخۆ» وەسف کردووە، ئەمە گۆڕانکارییەکی جۆرییە لە شێوازی مامەڵەی ڕژێم لەگەڵ نارەزایەتییەکاندا. ئەم چوارچێوەسازییە ڕاپەڕینی جەماوەری وەک دوژمنایەتییەکی چەکدارانە وێنا دەکاتەوە. لۆژیکی سیاسیی ئەم هەنگاوە ڕوونە: کاتێک

خۆپیشاندەران چیتر وەک هاووڵاتییەک کە داواکارییان هەیە نەبینرێن و وەک «دوژمن» پێناسە بکرێنەوە، توندوتیژی دژی ئەوان لەبری سەرکوتکردن، وەک «بەرگری لە خۆ» پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە. گۆڕانکاری لە «تاوانبارکردن»ەوە بۆ «بەسەربازیکردن و میلیتاریزم» لەڕێگەی لۆژیکی شەڕی ناوخۆ شوێنی حوکمڕانی لە ڕێگەی سەرکوتکردن دەگرێتەوە.

## فرەچەشنیی نارەزایەتییەکان

تایبەتمەندییەکی دیاری سیاسەتی نارەزایەتی (Contentious Politics) لە ئێراندا، فرەچەشنی و هەمەجۆریی(Heterogeneity)ە. خولەکانی نارەزایەتی (Cycles of Contention) لە ئێراندا بە دەگمەن دەبنە بزووتنەوەیەکی یەکگرتووی خاوەن داواکاری، سەرکردایەتی، یان بنکەیەکی کۆمەڵایەتیی یەکچەشن. بە پێچەوانەوە، ئەم نارەزایەتییانە ڕەنگدانەوەی جیاوازیی چینایەتیی کۆمەڵگە، جیاوازیی نەتەوەیی و جێندەری، نایەکسانیی ناوچەیی و ناهاوسەنگیی توانای ڕێکخراوەیین. نارەزایەتییەکانی ٢٠٢٥-٢٠٢٦ نموونەیەکی بەرچاوی ئەم نەریتەن. بۆ نموونە، لە کاتی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا، دروشم و داواکارییەکانی نارەزایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر کاریگەریی بارودۆخی سیاسی و مێژووی سەرکوتکردنی ناوچەکەدا بوون، لە کاتێکدا ڕاپەڕین لە بەلووچستان ڕەنگدانەوەی مێژوویەکی جیاوازی پەراوێزخستن و توندوتیژیی دەوڵەت بوو. هەمان دینامیک لێرەشدا بەدی دەکرێت.

لە هەموو جوگرافیای سیاسیی ئێراندا، ڕووخاندنی ڕژیم و ئازادی وەک تەوەری سەرەکی لە گوتاری نارەزایەتییەکاندا ماونەتەوە. کەچی لە کوردستان، بەلووچستان و ناوچە نافارسەکانی دیکەدا، داواکاری بۆ مافە نەتەوەییەکان و مافی بڕیاردانی چارەنووس، پاشکۆ و لاوەکی نین؛ بەڵکوو بە شێوەیەکی پێکهاتەیی لە ناو داواکاری و ئەزموونە سیاسییە ناوخۆییەکاندا جێگیر کراون و بنەمای داخوازییەکان پێک دەهێنن. لە کوردستان، حیزبە سیاسییەکان هێشتا وەک ئەکتەری سەرەکیی ڕێکخەر دەور دەبینن و پێوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردستان پاراستووە. بە پێچەوانەوە، لە ناوچە فارس-نشینەکاندا هیچ حیزبێکی جەماوەریی هاوشێوە نییە کە خاوەن هەمان مێژووی ڕەگداکوتاو بێت؛ لەوێدا ڕاپەڕینەکان زیاتر لە ڕێگەی تێکەڵەیەک لە دەستپێشخەریی خۆڕسک، تۆڕە نافەرمییەکان و دەستتێوەردانی کاتیی فراکسیۆنە سیاسییەکان (لەوانە ریفۆرمخوازەکان لە قۆناغەکانی پێشوودا) سەرهەڵدەدەن.

پشتگیری لە ڕەزا پەهلەوی لە هەندێک ناوچەی فارس-نشین و بەشێک لە لورستان دەرکەوتووە، بەتایبەتی لە ناو ئەو کۆمەڵانەی کە لە ڕیفۆرمخوازی بێهیوا بوون و خاوەن ژێرخانێکی ڕێکخراوەیی جێگیرەوە نین کە بتوانێت بەرنامەیەکی سیاسی بخاتە ڕوو. بەڵام، ئەو ڤیدیۆیانەی لە ناوخۆی ئێرانەوە بەردەستن، ئەو بانگەشەیە پشتڕاست ناکەنەوە  کە ئەم پشتگیرییە نوێنەرایەتیی زۆرینە بکات، تەنانەت لەو ناوچانەشدا. لە ناوچە نەتەوەییە نافارسەکاندا، داواکارییە نەتەوەییەکان هێشتا چوارچێوەی سەرەکیی گوتاری نارەزایەتییەکان پێک دەهێنن.

بەشداریی خەڵکیش لە ڕووی جوگرافییەوە لەم خولەی نارەزایەتییەکاندا، هەروەک خولەکانی پێشوو، جیاواز بووە. مێترۆپۆلەکانی وەک تاران، مەشهەد، ئیسفەهان و شیراز، جووڵەی گەورەی

شەقامیان بەخۆوە بینی، هەروەها شارەکانی وەک قەزوین، هەمەدان و شارەکانی تریش بە دیاریکراوی هاتنە سەرشەقام. لە هەمان کاتدا، کرماشان، ئیلام و لورستان لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا زۆر چالاک بوون و ڕووبەڕووی سەرکوتێکی توند بوونەوە. لە هەندێک ناوچەی نەتەوەیی نافارس، بەشداریی خەڵک لە ژێر کاریگەریی مەترسیی «قۆرخکردنی گێڕانەوەکان» (Narrative Appropriation) لە لایەن هێزە پاشایەتیخوازەکان و هەروەها چاوەڕوانییە مێژووییەکان بۆ سەرکوت، ناهاوسەنگ بووە. هەم دەوڵەتی پەهلەوی و هەم کۆماری ئیسلامی، لە ڕێگەی چوارچێوەیەکی ئەمنییەوە حوکمی ناوچە پەراوێزخراوەکانیان کردووە و زۆرجار سەرکوتێکی قورستریان لەچاو ناوەند بەکار هێناوە. لەم خولەدا حیزبە کوردییەکان زیاتر جەختیان لەسەر مانگرتن و چالاکیی پشتگیری کردووە نەک بانگەوازی بەردەوام بۆ ڕژانە سەر شەقامی بە کۆمەڵ، کە ئەمەش دەکرێت وەک هەڵبژاردنێکی تاکتیکیی ژیرانە لە بارودۆخی سەرکوتی توند و ململانێ لەسەر نوێنەرایەتی لێک بدرێتەوە.

## قۆرخکاریی پاشایەتیخوازەکان بۆ ناڕەزایەتییەکان

ململانێ لەسەر مانای ناڕەزایەتییەکان تەنیا ململانێیەکی شیکاری نییە؛ بەڵکو ململانێیە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و مەشروعییەت. لەم چوارچێوەیەدا، هێزە پاشایەتیخوازەکان و میدیاکانی لایەنگری ڕەزا پەهلەوی لە دەرەوەی ئێران، سەرچاوەیەکی زۆریان تەرخان کردووە بۆ بەرەوپێشبردنی چوارچێوەیەکی شیکاریی کە ناڕەزایەتییەکان وەک بزووتنەوەیەکی لایەنگری پاشایەتی نیشان بدەن. لە هەندێک حاڵەتدا، ئەم میدیایانە و لایەنگرانیان تۆمەتبار کراون بە دەستکاریکردنی ڤیدیۆی ناڕەزایەتییەکان، زیادکردنی دەنگ بۆ سەر ڤیدیۆکان، یان گۆڕینی دروشمە ڕاستییەکان بۆ دروشمێک کە لەگەڵ مەیلی پاشایەتیخوازەکاندا بگونجێت. داینامیکی گشتی بریتییە لە هەوڵدان بۆ گۆڕینی نیشانە فرەچەشنەکانی ناڕەزایەتییەکە بۆ گێڕانەوەیەکی یەکگرتوو لە دەوری سەرکردایەتییەکی کەسی.

ئەم هەوڵە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو فرەچەشنییە (Plurality) دژیەکە کە لە ناڕەزایەتییەکاندا بە شێوەی مەیدانی دەبیندرا. بڵاوترین دروشمەکان لەم خولەی ناڕەزایەتییەدا، لە پاڵ «مەرگ بۆ خامنەیی» و «مەرگ بۆ دیکتاتۆر»، داواکاری بووە بۆ «ئازادی». ئەم دروشمانە گوزارشت لە ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری دەکەن، نەک پشتگیری بۆ سەرکردەیەکی دیاریکراو یان شێوازێکی حوکمڕانیی جێگرەوە. لە خولەکانی ناڕەزایەتییەکاندا کە بە سەرکوت و نادیاری دەناسرێنەوە، زۆرجار «یەکگرتوویی نەرێنی» (دژی دیکتاتۆر) پێش «یەکگرتوویی ئەرێنی» (بۆ سیستمێکی دیاریکراو) دەکەوێت. لێکدانەوەی ئەم یەکگرتووییە نەرێنییە وەک بەڵگەیەک بۆ گەڕانەوەی بنەماڵەی پاشایەتی، جۆرێکە لە سەپاندنی گێڕانەوەیەکی پێشوەختە نەک ئەنجامگیرییەکی واقیعی.

دەسەڵاتی سەپاندنی مانا بەسەر ڕووداوەکاندا بە یەکسانی دابەش نەکراوە. لە نێوان ئەکتەرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی ئێران، میدیا فارسییەکانی لایەنگری پەهلەوی زۆرجار خاوەنی سەرچاوەی دارایی، دەنگدانەوە و ژێرخانی ڕێکخراوەیی گەورەتر لە ڕەوتەکانی ترن. ئەم ناهاوسەنگییە پێکهاتەییە گرنگە چونکە درزێک لە نێوان «دەنگ» و «بەرپرسیارێتی» دروست دەکات: ئەوانەی زۆرترین توانایان بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان هەیە ئەو کەسانە نین کە باجی ڕاستەوخۆی سەرکوتەکان دەدەن. لە بارودۆخێکی وەهادا، قۆرخکردنی مانای ناڕەزایەتییەکان دێتە پێشەوە، تەنانەت ئەگەر ڕەگی کۆمەڵایەتی لایەنی قۆرخکار لە ناوخۆی ئێراندا سنووردار

یان ناهاوســـەنگ بێت.

ئەمـــە پرســـێکی سیاســـی و ئەخلاقیی ســـەرەکی دەخاتە ڕوو: ئەگەر ڕەوتێکی سیاسی هەوڵ بدات پێش گەیشـــتن بە دەســـەڵات، دەنگە جیاوازەکان بێدەنگ بکات و دیسپلینێکی گێڕانەوە (Narrative Discipline) بسەپێنێت، لەســـەر چ بنەمایەک دەتوانێت دوای گەیشتن بە دەسەڵات بانگەشەی مەشرووعییەتی دیموکراتیک بکات؟ شـــێوازەکانی نوێنەرایەتی کردن بێلایەن نین؛ ئەوان نیشـــاندەری پێوەندییە دامەزراوەیی و سیاســـییەکانی داهاتوون لە ڕێگەی دیاریکردنی ئەوەی کێ دەتوانێت قســـە بـــکات، ئازاری کێ دانی پێدادەندرێـــت، و کام داواکاری «واقیعی»یە یان کامەیـــان تێکدەرانەیە. ئەگـــەر فرەدەنگیی بزووتنەوەیەک وەک کێشـــەیەک ببینرێت کە دەبێت لەناو ببرێت نـــەک وەک بارودۆخێک کە دەبێت گفتوگۆی لەســـەر بکرێت، ئەوە ئاسۆی سیاســـیی دەرئەنجامەکە ئەگـــەری زۆرە فۆرمە ئۆتۆریتارییەکان بەرهەم بهێنێتـــەوە، تەنانەت لە ژێر دروشـــمی دژە ئۆتۆریتاریشدا.

پچڕاندنی ئینتەرنێت ئەم کێشـــەیە قووڵتر دەکاتـــەوە. کاتێک دەوڵـــەت پێوەندییەکان بۆ ڕێگری لـــە هەماهەنگـــی و بۆ شـــاردنەوەی سەرکوتەکان سنووردار دەکات، بابەتی نوێنەرایەتیی نارەزایەتییەکان گرنگییەکی سیاسیی زیاتر پەیدا دەکات. لەم بارودۆخەدا، قۆرخکاریی دەرەکی تەنیا وەســـفکردنی هەڵەی واقیع نییە؛ بەڵکو دەکرێت ببێتە هۆی پارچەپارچەبوون و جەمسەرگیری لە ڕێگەی جێگرتنەوەی «ئیدیعای سەرکردایەتیی میدیا-ســـەنتەر» لەبری «بنیاتنانی هاوپەیمانیی بزووتنەوە-سەنتەر.»

## شکاندنی بازنەی ئۆتۆریتاریزم و گۆڕینی لۆژیکی جێگۆڕکێی ئەربابەکان

لە مـــاوەی ســـەدەی ڕابـــردوودا، ئێران بەردەوام ئەزموونی چەســـپاندنی دەسەڵاتی لـــە ڕێگـــەی ناوەندگەرایـــی و زۆرەملییەوە کردووە. ڕەزا شا دەوڵەتێکی ئۆتۆریتاری لەسەر بنەمای ناســـنامەیەکی نەتەوەیـــی «فارس-ســـەنتەر» بونیاد نا، کە توخمە شیعەییەکانی وەک پلەیەکـــی دووەم بـــۆ زیـــاد کردبوو. دوای شۆڕشـــی ســـاڵی ۱۹۷۹، سیستمێکی دیموکراتیک و فرەخواز نەهاتە سەرکار، بەڵکوو پێکهاتەیەکـــی نوێی ئۆتۆریتـــاری لە دەوری سەروەریی «ئیتنیکی-مەزهەبی» و دەوڵەتێکی ئەمنیی ڕێکخرایەوە. شـــۆڕش شـــێوازێکی ڕژێمی لابـــرد، بەڵام لۆژیکـــی ئۆتۆریتاریی حوکمڕانیی هەڵنەوەشـــاندەوە.

لە سەرەتای شۆڕشـــدا، خومەینی لایەنە جیاوازەکانـــی کۆ کردەوە، لەوانە بەشـــێک لە هێزە چەپەکان، لـــە ڕێگەی ڕێتۆریکێکی دژە ڕۆژئاوایی و دژە ئیمپریالیزمی کە پرۆســـەی چەســـپاندنی ئۆتۆریتاریزمی لێ دەشاردنەوە. هەندێک لایـــەن ڕژیمـــە نوێیەکەیان وەک سیســـتمێکی دژە ئیمپریالیست دەبینی، کە دواتـــر ئـــەم خوێندنەوەیە لە لایـــەن «فرێد هالیدەی»یـــەوە وەک «دژە ئیمپریالیزمـــی گەوجەکان» ڕەخنەی لـــێ گیرا؛ ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی چۆن گوتـــاری دژە ڕۆژئاوا دەکرێـــت وەک قەڵغانێک بۆ چەســـپاندنی ئۆتۆریتاریزمـــی ناوخۆیی بـــەکار بهێنرێت. بایکۆتـــی ڕیفراندۆمی دەســـتوور لە لایەن کوردســـتانەوە، وەک ئاماژەیەکی ســـەرەتایی بۆ ڕەتکـــردن بەو پێکهاتـــە پەراوێزخەر و دژە دیموکراتییـــەی دەوڵەتە نوێیەکە نیشـــان دەدرێـــت، بەتایبەتـــی پشتگوێخســـتنی داواکارییەکانـــی کورد و مافـــی دیاریکردنی چارەنووس. لـــەو کاتەوە، کوردســـتان وەک یەکێـــک لە جێـــگا هـــەرە بەردەوامەکانی بەرگـــری دژ بە کۆماری ئیسلامـــی ماوەتەوە.

مەترسیی هەنووکەیی بریتییە لە دووبارەبوونەوەی ڕووداوێکی کۆن لە ژێر بارودۆخێکی نوێدا: سەرهەڵدانی کەسایەتییەک کە بە پشتگیریی تۆڕە میدیاییە بەهێزەکان، هەوڵ دەدات بێهیوایی و نۆستالژیای خەڵک بقۆزێتەوە و خۆی وەک تاقە چارەسەر بۆ قەیرانە سیستماتیکەکان نیشان بدات. هەرچەندە ڕەزا پەهلەوی خاوەنی ئەو قووڵاییە ڕێکخراوەیی و دەسەڵاتە نییە کە خومەینی لە ساڵی ١٩٧٩دا هەیبوو، بەڵام مەترسییە پێکهاتەییەکە هاوشێوەیە: دووبارە جێگیرکردنەوەی سەروەریی کەسی لە ڕێگەی گۆڕینی «ئەربابێک» بە «ئەربابێکی دیکە». ئەم داینامیکە بۆچوونەکەی «ژاک لاکان»مان بیر دەخاتەوە لە ساڵی ١٩٦٩دا لەگەڵ خوێندکارانی ڤینسێنس، کاتێک هۆشداری دا کە زۆرجار ئاواتە شۆڕشگێڕییەکان لە ناو پێکهاتەکانی دەسەڵاتی ئێستادا بە بەستراوەیی دەمێننەوە. وەک لاکان وتی: «ئەوەی ئێوە وەک شۆڕشگێڕ ئاواتی بۆ دەخوازن ئەربابێکی نوێیە، نیگەران مەبن چونکە دەیدۆزنەوە». ڕەخنەکەی لاکان ڕەتکردنەوەی خواستی شۆڕشگێڕی نەبوو، بەڵکوو دانپێدانان بوو بەوەی کە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی تا چەند بە قووڵی لە ژێر کاریگەریی گوتارە جێگیرەکانی دەسەڵاتدایە. لای لاکان، گۆڕانکاریی ڕاستەقینە تەنیا پێویستی بە گۆڕینی سەرکردەکان نییە، بەڵکو پێویستی بە تێکشکاندنی ئەو فۆڕمە هێمایی و دامەزراوەییانە هەیە کە ستەمکاری بەرهەم دەهێننەوە. ئەگەر بەم شێوەیە بڕوانین، ساتەوەختی ئێستا کەمتر ململانێیە لەسەر سەرکردایەتی و زیاتر بریتییە لە کێشەیەکی چارەسەرنەکراوی فۆرمی سیاسی: سیاسەتێک کە لە دەوری دەسەڵاتی باوکانە و میراتی هێمایی ڕێکخرابێت، کە تێیدا دیموکراتیزەکردنی دامەزراوەکان، نوێنەرایەتیی فرەخواز، مافە بەکۆمەڵەکان، حوکمڕانیی نامەرکەزی و مافی بڕیاردانی چارەنووس بە سیستماتیک سەرکوت دەکرێن.

بۆیە، شکاندنی بازنەی ئۆتۆریتاریزم لە ئێراندا پێویستی بە شتێکە لە سەرووی تەنیا گۆڕینی ڕژێمەوە. پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو لۆژیکە سیاسییە هەیە کە بەردەوام ساتە گۆڕانکارییەکان دەگۆڕێت بۆ دەسەڵاتی نوێی ستەمکاری. ئەزموونی مێژوویی دەیسەلمێنێت کە ناوەندگەرایی، تێکدانی بنەما دیموکراتیکەکان و سەرکوتکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس، بەردەوام حوکمڕانیی ئۆتۆریتاری بەرهەم دەهێننەوە، تەنانەت ئەگەر لەژێر ناوی یەکپارچەیی و سەقامگیریشدا پاساوی بۆ بهێنرێتەوە. بەم مانایە، ئۆتۆریتاریزم تەنیا خەسڵەتێکی فەرمانڕەواکان نییە، بەڵکوو دەرئەنجامێکی دووبارەبووەوەی ئەو ڕێکخستنە سیاسییانەیە کە لەگەڵ «فرەیی» وەک هەڕەشە و لەگەڵ «جیاوازی» وەک پشێوی مامەڵە دەکەن.

ئەگەر خولی ئێستای نارەزایەتییەکان بیهەوێ ڕێگەیەک لە دەرەوەی ئەم ململانێ سەد ساڵەیەی نێوان «تاج و عەمامە» بکاتەوە، دەبێت پڕۆژەیەکی سیاسی بەرهەم بهێنێت کە لە ڕووی پێکهاتەییەوە پابەند بێت بە پلۆرالیزمی دیموکراتیک (فرەیی دیموکراتیک)، نامەرکەزییەت و دانان بە فرەچەشنەیی نەتەوەیی لە جوگرافیای سیاسیی ئێراندا. بە پێچەوانەوە، مەترسییەکە تەنیا بەردەوامبوونی ئۆتۆریتاریزم نییە، بەڵکوو گەڕانەوەیەتی بە زمانێکی نوێ، کە تێیدا هەمان پلەبەندییە کۆنەکان لە ژێر دروشمی «ڕزگارکردنی نیشتمان»دا سەرلەنوێ بونیاد دەنرێنەوە.

لە کۆتاییدا، ڕوون و ئاشکرایە کە دێموکراسی لە ئێران گەر بایەخێکی بۆ نافارسەکان هەبێت بریتییە لە دەرفەتی ئامادەکاریی بۆ وەدەستهێنانی مافی چارەنووس و سەروەریی سیاسیی نافارسەکان لەسەر خاکی خۆیاندا. بەڵام، هەروەک فیلسووفی سیاسیی هاوچەرخ ئاندریاس ویمەر دەڵێ: دێموکراسی هیچ موعجزەیەکی بۆ چارەسەریی پرسە ئیتنیکی و نەتەوەییەکان پێ نییە. بەڵکوو جۆری پێناسەکردنی دێموکراسی دیاری دەکات کە چۆن مامەڵە لەگەڵ جیاوازیی نەتەوەیی بکرێت. بە نیسبەت نەتەوەی کورد چارەسەریی بنەڕەتیی پرسی نەتەوەیی ڕوونە: دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی کە ئەویش تەنیا بە قسە ناکرێت و دەبێ هێزی دامەزراندنی وەها دەوڵەتێک وەدەست بخرێن. بەڵام بەنیسبەت ئێرانییەکان، جێگۆڕکێی ئەربابەکان هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکات. گەر ئێرانییەکان دەیانهەوێ ببنە خاوەن کیانێکی دیموکراتیک پێویستە جارێک بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە لۆژیکی گۆڕینی ئەربابەکان بکەن؛ ئەمە تەنیا ڕێگای پچڕاندنی زنجیرەی سەد ساڵەی دیکتاتۆریی ئێرانییە.